تایبەتنامە-ژمارە ٢

# چیرۆکەڵە

حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بەچیرۆکی کارگەییە؛نها .

ژمارە ١٤ ـ ٢٤ی خاکەلێوە ٢٧١٨

## ئاگاداریی نووسینگەی یەکەم فیستیوالّی شانۆنامەنووسیی کوردی

نووسینگەی «یەکەم فیستیوالّی شانۆنامەنووسیی کوردی» بە بڵاو کردنەوەی ئاگادارییەک دوا مۆڵەتی ناردنی دەقی بۆ 1ی گوڵان درێژ کردەوە. لە دەقی ئاگادارییەکەدا ئاوا هاتووە: نووسینگەی یەکەم فیستیوالّی شانۆنامەنووسیی کوردی وێڕای پیرۆزبایی هاتنی ساڵی نوێ و ڕێزلێنان لە بەشداری بەرچاوی نووسەران، لە سەر داواکاری ئەژمارێکی زۆر نووسەران بۆ درێژ کردنەوەی  مۆڵەتی ناردنی بەرهەم ئەو مۆڵەتەی تا 1ی گوڵانی 97 درێژ کردۆتەوە. جێی ئاماژەیە کە ئەو مۆڵەتە دواجارە درێژ دەکرێتەوە و ئەو بەرهەمانەی دوای ئەم ڕێکەوتە بەڕێ کرێن ناگەنە دەست لێژنەی هەڵسەنگاندن. نووسەرانی بەڕێز دەتوانن سێ بەرگی تایپ کراوی شانۆنامە و فایلی ورد و پی دی ئێفی دەقەکانیان بۆ ناونیشانی: بوکان، خیابان شهید فهمیده اداره فرهنگ و ارشاد اسلامی بوکان صندوق پستی 365 بەڕێ بکەن یان بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بەم ژمارەیەوە بگرن 044-46260991 دیارە بە پێی درێژ کردنەوەی مۆڵەتی ناردنی بەرهەم کاتی بەڕێوە چوونی فیستیواڵیش گۆڕانکاری بە سەردا دێ کە بە زووترین کات رادەگەیێندرێ.

# چیرۆکەڵە

**حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ نها.**

**• تایبەتنامە**

**• ئامادەکاران:**

**ئەمیر سیراجەدین**
**ناسر فەتحی**

**٢٤ی خاکەلێوە ٢٧١٨**

ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی؛ لاپەڕەی هونەری و ئەدەبی ڕاوێژیسم

## «دەرسگوتاری "جیاوازییەکانی چیرۆک و شانۆنامە"»

ڕەحیم عەبدولڕەحیم زادە

### بەشی یەکەم: "دیالۆگ"

سڵاو و ڕێز لە خزمەت هاوڕێیانی خۆشەویست.

یەکەم باسمان لە سەر تایبەتمەندییەکانی شانۆنامە هەی کە لە خزمەتتاندا پێشکێشی دەکەم.

دیارە شانۆنامە و چیرۆک دوو دانە ژانری زۆر لێک نزیکن، یانی دەتوانم بڵێم نزیکترین شێواز لە گێڕانەوە بە چیرۆکنووسی، شانۆنامەنووسی و نووسینی دەقی شانۆییە، هەر بۆیە بۆ ئەو کەسانەی کە چیرۆکنووسن بۆ نووسینی شانۆنامە کارێکی زۆر زۆر دژواریان لەبەر دەم نییە .

دیارە هەموو ئەوانە دەکەونە پانتاییەکی گەورەتر بە ناوی گێڕانەوە. یانی ئەگەر ئێمە لە نێو هونەرەکاندا باس لە شێوازی ڕەوایی یا ئەو هونەرانەی کە سەر بە گێڕانەوەن بکەین چیرۆک و شانۆنامە و سێناریۆ یا فیلمنامە سێ شێوازی سەرەکی گێڕانەوەن لە نێو هونەرە ڕەواییەکاندا و هەروەها لە نێو ئەو هونەرانەی سەر بە گێڕانەوەن. بەڵام ئەوەی کە شانۆنامە لە چیرۆک جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە باسی ئەم سێ دەرسگوتارەی ئێمەیە.

سێ بابەتی سەرەکی هەیە کە شانۆنامە لە چیرۆک جیا دەکاتەوە کە لە هەر باسێکمدا باس لە یەکێک لەو سێ شتە دەکەم. دیارە دەکرێ باسی زۆر وردەکاری دیکەش بکەین بۆ جیابوونەوەی چیرۆک لە شانۆنامە بەڵام ئەم سێیانەی دەمهەوێ ئاماژەیان پێ بکەم و لە سەریان بدوێم سێ خاڵی سەرەکی و گرینگی جیاوازییەکانی شانۆنامە و چیرۆکن.

**یەکەمین** و گرینگترین جیاوازییێک کە لە نێوان شانۆنامە و چیرۆکدا هەیە، لەسەر بابەتێکە بە ناوی "دیالۆگ". بۆچی دیالۆگ؟ چون شانۆنامە شێوازێک لە گێڕانەوەیە کە هەمووی بە یارمەتی دیالۆگەوە دەگێردرێتەوە، یانی ئێمە هیچ ئامراز و ئامێرێکی دیکەمان بۆ گێڕانەوە لە شانۆنامەدا لەبەر دەست نییە جگە لە دیالۆگ واتا خاڵێک بە نێوی ڕاوی و هەروەها گۆشەنیگا یا زاویە دید لە شانۆنامەدا حەزف دەبێ و نامێنێ. یانی لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین شانۆنامە

گۆشە نیگا یا زاویەدیدی سفرە، یانی هیچ بێژیارێک لە ئارادا نییە مەگەر لە شێوازگەلێکی تایبەتی شانۆنامەنووسیدا. بۆ نموونە نووسەر بە ئەنقەست دێ ڕاوی ئەویش وەک کەسایەتییەک دێنێتە گۆڕێ نەک ڕاوییەک کە کۆی چیرۆکەکە و کۆی ڕووداوەکە بۆ ئێمە دەگێڕێتەوە، بەڵکوو تەنیا وەک کاراکتێرێک دێ و دەوری خۆی دەگێڕێ و دەڕواتە دەرێ. ئەویش لە هەندێک شێوازی تایبەتی شانۆنامەدا و ئەوە گەورەترین جیاوازییە لە نێوان شانۆنامە و چیرۆکدا. لە چیرۆکدا ڕاستە کە ئێمە لە دیالۆگ کەڵک وەردەگرین بەڵام دیالۆگ دەتوانێ بەشێک لە چیرۆکی ئێمە بێ، دەتوانێ هەندێک بەشی تایبەتی لە چیرۆک وەئەستۆ بگرێ.



هەرچەن دەکرێ چیرۆکێکیش سەر تا پای بە دیالۆگ نووسرابێ بەڵام دیسان چیرۆک بێ و شانۆنامە نەبێ. نموونەیەکی زۆر بەرچاو لەو بوارەدا ڕۆمانێکە بە نێوی "تفرین ابدی بر خوانندەی این برگها" کە نووسەرێکی ئارژانتینی بە نێو مانوئێل پوویگ نووسیویەتی، لەم ڕۆمانەدا لە سەرەتاوە تا کۆتایی بە دیالۆگ نووسراوە بەڵام بۆچی شانۆنامە نییە و ڕۆمانە؟ دواتر باسی ئەو وردەکارییانە دەکەم کە لە شێوازی دیالۆگ نووسی لە نێو چیرۆکدا هەیە و جیاوازە لەگەڵ شێوازی دیالۆگنووسی شانۆنامە.

بەڵام ئێمە با بۆ سەرەتا بزانین کە شانۆنامە تەقریبەن بەشی هەرە زۆری یان ئەگەر بڵێین لە سەداسەدی شانۆنامە سەروی نەوەد لە سەدی شانۆنامە لە دیالۆگ بەدی دێ، بە بۆنەی دیالۆگە کە هەموو شتەکان دەخولقێ، بە واسیتەی وتوویژ و گفتوگۆیە کە هەموو شتەکان دەخولقێت. جا دەکرێ ئەو وتوویژە لە نێوان دوو کاراکتێر دابێ، دەکرێ لە نێوان چەند کاراکتێر دابێ. دەکرێ وتوویژی دەروونی کاراکتێرێک بێ لەگەڵ خۆی کە پێی دەڵێن سۆلیلۆکی (soliloquy)، دەکرێ وتوویژ لەگەڵ کەسایەتییەک بێ کە نادیارە لە نێو دەقەکەدا بوونی نییە کە پێی دەڵێن مۆنۆلۆگ (monologue). بە هەر حاڵ شێوازی جۆراوجۆرمان هەیە بۆ گوتاری کاراکتێر لە نێو شانۆنامەدا و چیرۆکیشدا کە وەک کوتم دیالۆگ و مۆنۆلۆگ و سۆلیلۆکییە. بەڵام بە هەرحاڵ وتوویژێک

ڕوودەدا، جا ئەو وتووێژە دەتوانێ لەگەڵ کەسێکی بەرانبەر بێ، دەکرێ وتووێژێک لەگەڵ کەسێکی نادیار بێ، دەکرێ ئەو وتووێژە، وتووێژێکی دەروونی بێ یانی تۆ لەگەڵ خۆت خەریکی قسە دەکەی و بەم شێوەیە ڕەوایەتەکە دەبەیتە پێشێ. تەقریبەن لە نۆرمی ئێستانداردی شانۆنامەدا ئێمە وەک کوتم زۆرتر لە نەوەد لەسەدی شانۆنامە بە شێوەی دیالۆگ دەڕواتە پێشێ و کەمتر لە چەند لەسەدی شانۆنامە بە شێوازێکی دیکە کە لە جەلەسەی داهاتوودا باسی دەکەم واتا دەستوور سەحنە دەگێڕدرێتەوە. وەک کوتم ئەوە لە حاڵەتی نۆرم و ئێستاندارد دایە چون ڕەنگە لە بارودۆخێکدا شانۆنامەنووسێک بێت بەشێکی زۆر زۆر زیاتر بە دەستوور سەحنە تەرخان بکات یا ئەسڵەن لە دیالۆگ کەڵک وەرنەگرێ، بۆ نموونە کەسێک وەک "ساموئێل بێکێت" کە خۆی نووسەرێکی ڕچەشکێن بووە. نووسەرێکی ئاوانگارد بووە کە جیاواز نووسیویەتی. بۆ وێنە دەبینین بێکێت چەن شانۆنامەی هەیە بە نێوی "بازی بدون کلام"، لەم بەرهەمەدا ئیدی دیالۆگ دەور ناگێڕێ، هەموو شتێک دەستوور سەحنەیە. بەڵام ئەوانە بەدەر لە نۆرمی ستانداردن. ئەوانە ناتوانین وەک نۆرم و ستاندارد لە واقیعدا چاویان لێکەین. ئەوەی کە نۆرم و ستاندارد و شێوازی کلاسیکی شانۆنامەنووسی بە ئێمە دەڵێ ئەوەیە کە بەشی هەرە زۆری یەک شانۆنامە بە شێوەی دیالۆگ دەخولقێ و بە دیالۆگ دەڕواتە پێشێ. لێرەدایە جێی خۆیەتی باسی بکەم جیاوازییان چییە؟ یانی دیالۆگی شانۆنامە لەگەڵ دیالۆگی چیرۆک چ جیاوازییەکیان هەیە. زۆر خاڵی هاوبەش هەیە لە نێوان دیالۆگی چیرۆک و دیالۆگی شانۆنامەدا. بەڵام جیاوازییە سەرەکییەکە لەوەدایە کە دیالۆگێک بۆ شانۆنامە دەینووسین لە واقیعدا هەموو شتەکان و ڕووداوەکان لە دڵی دیالۆگدا ڕوو دەدەن واتا بەشێکی زۆر لە دیالۆگی شانۆنامە بۆ گێڕانەوەی ڕابردوو دانانێین بەڵکوو بەشی زیاتر لە واقیعدا بۆ ئەو ڕووداوانەیە کە هەر لە ئێستای شانۆنامەکەدا ڕوو دەدەن. یانی ئەو ڕووداوانە کە هەر ئێستا ڕوو دەدەن لە نێو پانتای ڕەوایەتەکەی ئێمەدا لە دڵی ئەو دیالۆگانەدا دەخولقێت و خۆیان نیشان دەدەن. بۆ نموونە هەر ئەو نموونەی پێشتر هێناومەوە، ڕۆمانی مانوئێل پوویگ، بۆچی شانۆنامە نییە و ڕۆمانە؟ چونکە ئەکت و عەمەلێک لە نێو دیالۆگەکاندا ڕوونادا، دوو نەفەرن بەیەکەوە قسە دەکەن و تەنیا خەریکن هەندێک بیرەوەری دێننە بەر باس کە ساڵانێکی زۆر دوورتر ڕووی داوە. واتا ئێمە شاهیدی کاردانەوەیەکی عەمەلی لە دڵی خودی بەرهەمەکەدا نین بەڵکوو دیالۆگ تەنیا بیانوویەکە بۆ گێڕانەوەی هەندێک کاردانەوە کە لە کاتێکی دیکەدا ڕووی داوە، بەڵام دیالۆگی شانۆیی دڕاماتیکە. یانی دەبێتە

هۆی کاردانەوەیەک کە لە هەمان کاتدا لەسەر دیمەنەکەمان دەیبینین و ئەوە گرینگترین ئەسڵێکە کە ئێمە دەبێ لە دڵی دیالۆگی شانۆییدا لەبەر چاومان بێ. دیالۆگ لە شانۆنامەدا ئەرکێکی زۆری لەسەرە. ئێمە دەبێ بتوانین بە بۆنەی دیالۆگ کاراکتێرەکان بۆ خوێنەر یا بینەرمان بناسێنین. چون هیچ ئامرازێکمان بۆ ناساندنی کاراکتێرەکان نییە. تەنیا دەبێ بە بۆنەی زمان، ڕاوێژ، شێوازی قسەکردن، ڕیتم و خێرایی قسەکردن و زۆر شتی دیکەی لەم چەشنە کەڵک وەربگری تا تۆ بتوانی کەسایەتییەکان، تایبەتمەندی ڕۆحی، تایبەتمەندییە ڕواڵەتییەکان، تایبەتمەندی جەستەی جیاوازی و دیکەی تایبەتمەندییەکان تەنیا لە ڕێگەی دایالۆگ بۆ خوێنەر یا بینەر ڕابگوێزیتەوە. بۆیە بە ڕای من، هەر چەند هەر کام لە شێوازەکانی نووسین دژواری تایبەتی خۆیان هەیە بەڵام دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم کە شانۆنامە نووسین یەکێک لە سەختترین شێوازەکانی گێڕانەوە و نووسینە. چون تۆ دەبێ بتوانی هەموو ئەم شتانە تەنیا بە دیالۆگ یا مۆنۆلۆگ و یا شێوازی سۆلیلۆکی ڕابگوێزیتەوە.

**دووهەمین** ئەرکێکی گەورە کە دیالۆگ لە شانۆنامەدا لە سەریەتی ئەوەیە کە تۆ دەبێ بتوانی ئەکت و ڕووداوەکان بە شێوەی دیالۆگ بەرییە پێشێ یانی لە نێوان دیالۆگگەلێک کە لە نێوان کەسایەتییەکاندا دەگوترێ و کەڵکی لێ وەردەگیرێ تۆ دەبێ بتوانی ڕووداوێکێش هاوکات لە دڵی ئەو دیالۆگانە بگێڕیەوە کە لە واقیعدا ئەو ڕووداوە بەردەنگەکەت تا سات بە سات کۆتایی شانۆکە لەگەڵی بچێتە پێشێ.

**سێهەمین** کاریگەرییەک کە دیالۆگ دەبێ هەیبێ هەر لە پێوەندی لەگەڵ ئەو باسەدا ڕووداوەدا. ئەویش ئەوەیە کە دەبێ ڕووداوەکان عەینی بن یانی ئیمکانی ڕوودانی هەبێ، ناڵێم حەتمەن دەبێ ڕێئالیستی بن. یانی دەبێ ئەو دوو شتەی لە یەک جیا کەینەوە دەکرێ شانۆنامەکە ڕێئالیستی نەبێ بەڵام ڕووداوەکە دەبێ ڕووداوێکی عەینی بێ. چون لە کۆتاییدا شانۆنامە شێوازێکە لە نووسین کە بڕیارە ئیجرا کرێ. زۆر جار هەیە بۆ نموونە تۆ لە ڕۆمانێک وەک " در جستجوی زمان از دست رفتە"ی پڕۆستدا یا "ئۆلیس"ی جیمز جۆیسدا، ڕووداوەکان ڕووداوێکی دەروونین یانی ڕووداوەکان خەریکە لە نێو دەروونی کاراکتێردا دەکەوێ. تەنانەت لە نێو خودی ڕۆمانەکانی بێکێت دا وەک "مالون میمیرد" یا "مالوی" دەبینی کاراکتێرێکمان هەیە کە تەنیا ڕاکشاوە. لە "مالون میمیرد"دا کەسێکی پەککەوتە کە توانایی هیچ بزووتنێکی نییە، تەنیا دەتوانێ بیر بکاتەوە. ئەوە

ناتوانێ زۆر کاردانەوە و ڕەنگدانەوەی شانۆیی لەسەر دیمەنەکە بخولقێنێ. ڕووداوە بەڵام ڕووداوەکە دەروونییە یا لە "ئۆلیس"ی جۆیسدا و "در جستجوی زمان از دست رفته"ی پرۆستیشدا هەر وایە. شتەکان خەریکن لە بیرەوەریی دەروونی قارەماندا ڕوو دەدەن. بەڵام ئەو ڕووداوانەی کە لە شانۆنامەدا ڕوودەدەن دەبێ ڕووداوی عەینی بن کە ئەمە بۆخۆی لە کاتێکی دیکەدا کە لە بەشی کۆتایی لەبارەی کاردانەوەی دراماتیک حەتمەن بە شێوەیەکی بەربڵاوتر قسەی لێدەکەین، بەڵام دەبێ بتوانین بە بۆنەی دیالۆگ ئەو باسانە ڕابگوازین. دیالۆگ لە شانۆنامەدا دەبێ بتوانێ دیالۆگێکی بەرهەمهێنەر بێ یانی دەبێ بتوانێ دیالۆگی دوای خۆی بەدی بێنێ. زۆر جار وەختێک کە دەمانهەوێ دیالۆگ بنووسین بە تایبەت لە چیرۆکدا ئەو شتانە زۆر ڕوو دەدا کە زیاتر ڕێئالیتەی زمانیمان بۆ گرینگە. بۆ نموونە دوو کەس بەیەکەوە سڵاو چاک و خۆشی دەکەن یەکیان دەڵێ: سەلام چۆنی؟ ئەوی دیکەش دەڵێ: سڵاو چۆنی؟ زۆر سپاس. بەو شێوە ئەو دیالۆگە، دیالۆگی بەرهەمهێنەر نییە، دیالۆگێک نییە هیچ شتێکی لە دڵی خۆیدا هەڵگرتبێ. بۆ نموونە دەمانهەوێ دیالۆگێکی شانۆیی بنووسین هەر بەو سڵاو و چاک و خۆشییە.



سڵاو چۆنی؟ ئەوی دیکەش جواب دەداتەوە هیچ باش نیم. ئەوی دیکە دەڵێ: بۆ؟ دەڵێ ئەخە ئەورۆ ...

ئەوە دیالۆگە، دیالۆگێکی بەرهەمهێنەرە چونکە لە دڵی خۆیدا هەر ڕستەیەک کە دێ ئەکتێک، کاردانەوە و دیالۆگێکی دیکە بە دوای خۆیدا دێنێتە گۆڕێ. یانی وەختێک تۆ دەڵێی سەلام چۆنی؟ ئەویش بڵێ باشم زۆر سپاس. ئەو دیالۆگە هەر لێرە ڕادەوەستێ و دەبێ بە دیالۆگێکی ڕاوەستاو و نەزۆک. بەڵام وەختێک دەڵێ سەلام چۆنی؟ ئەویش دەڵێ هیچ باش نیم. ئەو "هیچ باش نیمە" پرسیارێک دێنێتە ئارا کە بۆ باشی نی؟! وەختێک کاراکتێری بەرانبەر دەیهەوێ وەڵام بداتەوە شتێک دەڵێ یانی هەر

دیالۆگێک لە دڵی خۆیدا دیالۆگێکی تر بەدی دێنێ. ئەوە دیالۆگێکی نەمایشی دروستە کە حەتمەن دەبێ ئەو کەسانەی شانۆنامە دەنووسن زۆر ئاگاداری ئەوە بن. دەنا ئەگەر غەیری ئەوە بێ شانۆنامەکان پڕ دەبێ لە دیالۆگگەلێک کە دەبینی تایبەتمەندییان ئەوەیە کە تەنیا کاراکتێر دەناسێنێ یا فەزا و دۆخمان بۆ وێنا دەکا. بەڵام لە ڕاستیدا دیالۆگی شانۆیی دەبێ هاوکات جیا لەوەی کە کەسایەتی بناسێنێ و جیا لەوەی ڕووداو بباتە پێشێ و هەروەها جیا لەوەی کە فەزا ساز دەکا دەبێ بشتوانێ دیالۆگێکی بەرهەمهێنەر بێ یانی لە دڵی خۆیدا دیالۆگی دوای خۆی بەدی بێنێ. هەڵبەت دیارە گەیشتن بەو قۆناغانە کە باسی دەکەین پێویستی بە کار و ڕاهێنانێکی یەکجار زۆر هەیە. چاوەڕوانی ئەوەش نییە کەسێک لە سەرەتاوە بەوە بگا تەنانەت لەوانەیە کەسانێک کە ساڵەهایە ئەزموونی شانۆنامەنووسیان هەیە هێشتا بەو ئاستە نەگەیشتوون ئەوە جیاوازی ساکارە شانۆییەکانە. دیارە ئێمەش چاوەڕوانی ئەوە ناکەین کە کتوپڕ بەم ئاستە بگەین بەڵام دەبێ سەرنج بدەین کە ئەوە ئیدێئال و ستاندارده دروستەکانە. بەهەرحاڵ ئێمە جارێ وەک بەشی یەکەم دەبێ سەرنج بدەین کە دیالۆگەکەی ئێمە دەبێ بتوانێ:

**١- کەسایەتیمان بناسێنێ.**

**٢- ڕووداو بخولقێنێت.**

**٣- بەرهەمهێنەر و زیندوو بێ.**

**٤- فەزاسازی بکا.**

وەک ئاخرین خاڵێک کە لە سەر دیالۆگ دەبێ بیڵێم. باسی لەحن و ڕاوێژە کە لە شانۆنامەنووسیدا زۆر گرینگە. ئەوەیە کە ئێمە بتوانین ڕاوێژی هەر کام لە کەسایەتییەکان جیاوازی هەبێ لەگەڵ ڕاوێژی کەسایەتییەکی دیکە. ناکرێ هەموو کەسایەتییەکانی ئێمە لە شانۆنامەدا وەک یەک بدوێن بەڵکوو دەبێ کەسایەتییەکان بە پێی بارودوخێک کە هەیانە: پێگەی کۆمەڵایەتی، دۆخی دەروونناسی، مێژوویی، کاتی و شوێنی و... ڕەچاو بکەین و بە پێی ئەوە ڕاوێژ بۆ کەسایتییەکانمان هەڵبژێرین. لە زمانی کوردیدا لەو بوارە زۆر کەم کار کراوە واتا ئێمە جیاوازی ڕاوێژ و زمانیمان بەداخەوە زۆر زۆر لە خوارێیە. بە گشتی نووسەران وەک یەک دەنووسن، لە یەک لەحن و زمانی هاوشێوە کەڵک وەردەگرن، بە گشتی شاعیرانە نووسین زۆر باوە. من دژی شاعیرانە نووسین نیم بەڵام لە جێی دروستی خۆیدا. لە دیالۆگ نووسین ڕێئالیتەی زمانی زۆر گرنگە یانی ئەوەی کە هەر کەسێک بەپێی ئەو دۆخە بدوێ، تەنانەت تۆ ناتوانی پاساوی ئەوە بێنییەوە

کە کاراکتێرەکەی من شاعیرە کەوابوو دەبێ شاعیرانە قسە بکە. هەر لە ڕاستیشدا وا نییە. ئێمە دۆست و ڕفێقی شاعیرمان زۆرە، ئایا شاعیرێک لە هەموو ساتەکانی ژیانیدا بە شێعر قسە دەکات؟ لە ڕاستیدا دەزانین وا نییە. ئەو رێئالیتەی زمانییە و زۆر گرینگە. چون بڕیارە ئەو کەسایەتییانە وەک کەسایەتی زیندوو هەڵسوکەوت بکەن. بەڵام نەبوونی ئەو شتە لە ئەدەبی کوردیدا هیچ پاساوێک نییە بۆ ئەوەی کار نەکەین! چونکە ئاخری دەبێ لە شوێنێکەوە دەست پێ بکەین و چ شوێنێک باشتر لە فەزای کارگەیی کە ئێمە بێین تەجرەبە و ئەزموونی ئەو ڕاوێژە جیاوازانە بکەین و ئەو ڕاوێژانە تاقی بکەینەوە و بزانین درووستترین ڕاوێژەکان کامانەن؟ چون دەتوانین کاریان پێ بکەین؟ بەهەر حاڵ وەک بەشی یەکەم و سەرەتا زیاتر لەسەر دیالۆگ بوو وپێم وایە بۆ ئەو جەلەسەیە بەس بێت. هیوادارم دۆستانێکی زۆر ئەو ڕاهێنانە بەجێ بێنن. تا لەبیرم نەچۆتەوە لە جیهانی ئەدەبیاتی داستانیدا زۆربەی چیرۆکنووسانی گەورە کە ئێمە دەیانناسین زۆربەیان خۆیان لە قەرەی شانۆنامەنووسین داوە و زۆربەیان شانۆنامەنووسی زۆر گەورەن. لە خودی چێخۆفەوە بیگرن کە کورتەچیرۆک نووسێکی زۆر قەوییە و لە عەینی حاڵدا خاوەنی کۆمەڵێک نەمایشنامەی زۆر بەهێزە. لە خودی بێکێتەوە بیگرن تا ئەلبێر کامۆو ژان پۆل سارتر و... هەموو ئەوکەسانە هەم چیرۆکیان نووسیوە هەم شانۆنامەیان نووسیوە. هەر ئەوەش بۆ خۆی بەڵگەیەکە کە بە ئێمە دەڵێ چیرۆک و شانۆنامە زۆر زۆر لە یەک نزیکن و بۆ هەر چیرۆکنووسێک پێویستە کە شانۆنامە بناسێ، وەک چۆن بۆ هەر شانۆکارێک پێویستە لەگەڵ جیهانی چیرۆک و چیرۆک نووسی ئاشنا بێ.

هیوادارم کە حەتمەن دۆستانێکی زۆر لەم پرۆسەیەدا بەشداری بکەن و چون لە کۆتاییدا سوودی باشی بۆیان دەبێ. زۆر سپاس. هەر بژین.



## بەشی دووهەم: دەستووری سەحنە (ڕێوشوێنی دیمەنەکان)

سڵاو و ڕێز لە خزمەت هاوڕێیانی خۆشەویستی کارگەی چیرۆک.

بەشی دووهەمی دەرسگوتارەکانمان ئەمجارەیان دێینە سەر خاڵێکی گرینگی دیکە لە جیاوازییەکانی چیرۆک و شانۆنامە. باسەکەمان لە سەر ڕێوشوێنی دیمەنەکان (دەستووری سەحنە)، یانی ئەو ڕێکار و ڕێنوێنانەی کە بۆ باشتر بەڕێوەچوونی شانۆنامەکە لە لایەن نووسەرەوە پێشنیار دەکرێن. سەرەتا پێویستە وەک پێشەکییەک ئەوە باس بکەم کە هەر چەند شانۆنامە ژانرێکی ئەدەبییە و بە وشە دەخولقێ، لە وشە پێک دێ بەڵام لە ڕاستیدا نووسراوەیەکە بۆ بەڕێوەچوون و نواندن دەنووسرێ یانی بڕیارە ئەو شانۆنامەیە بچێتە سەر سێن و تا کاتێک ئیجرایی نەبێتەوە دەتوانین بڵێین ئەو شانۆنامەیە تەواو نەبووە. لە بەڕێوەچوونی ئەو شانۆنامەیەدایە کە یەک شانۆنامە تەواو دەبێ، کەواتە حەتمەن نووسەران دەبێ ئەو خاڵە لەبەر چاو بگرن کە دەبێ ئەو شانۆنامەیەی دەینووسن ئیمکانی بەڕێوەچوونی هەبێ و بکرێ لەسەر دیمەنەکەمان بۆ بینەران بەڕێوەبچێت. وەک پێشتر لە دەرسگوتاری ڕابردوودا باسمان کرد بەشی هەرە زۆری شانۆنامە لە دیالۆگ پێک دێ و دیالۆگە کە خولقێنەری کەش و کەسایەتی و ڕووداوەکان و هەموو ئەو پێکهاتنانەی کە یەک شانۆنامە هەیەتی. بەڵام جاری وا هەیە کە تۆ ناتوانی هەندێ شت بە دیالۆگ دەربڕی یا ئەگەر بتهەوێ بە دیالۆگ دەریبڕی دیالۆگەکە دیالۆگێکی ئاسایی و جوان بەدی نایەت. بۆ وێنە خوڵقاندنی کەش یا نیشاندانی شوێن و کات یا حاڵەتی دەروونی کاراکتێرەکەت. لە وەها دۆخێک دایە کە نووسەر دێ لە ڕستەگەلێکی کورت کەڵک وەردەگرێ بۆ ئەوەی ئەو شتانەی ناتوانێ بە دیالۆگ دەریانبڕێ لە قاڵبی ڕستەگەلێکی زۆر کورتدا کە پێیان دەگوترێ ئاداتی دیمەن (دەستوور سەحنە) ئەو شتەی کە مەبەستێتی دەیگەیێنێ. دیارە دەرهێنەری شانۆ حەتمەن مەجبوور بەوە نییە ئەو شتەی کە لە دەستوور سەحنەدا شانۆنامەنووس گوتوویەتی دەقاودەق ڕایگوێزێتە نێو ئیجراکەی، ئەوە بەستراوەتەوە بە خوێندنەوە و لێکدانەوەی ئەو دەرهێنەرە یا ئەو گرووپە شانۆییە کە لەو دەستوور سەحنانە کەڵک

وەربگرن یا نە! لە شێوازی کلاسیکی شانۆدا دیارە دەرهێنەر و گرووپی ئیجرایی زۆر پابەند بەوە بوون کە حەتمەن ئەو دەستوور سەحنانە لەبەرچاو گرن، بەڵام لە شێوازە مۆدێڕنەکاندا ئیتر ئەو چوارچێوە توونده و سەختە نەماوە. بەڵام لە هەمان کاتدا دەستوور سەحنە بە هەر حاڵ یارمەتی دەدا کە ناوەڕۆکی ئەو شانۆنامەیە، تێمەکەی و هەروەها فەزای ئەو شانۆنامەیە چاکتر بۆ خوێنەر ڕابگوێزرێتەوە. تەنانەت ئەگەر قەرار بێ ئەو شانۆنامەیە بخوێندرێتەوە و لە سەر سەکۆی شانۆ بەڕێوەیش نەچێ، وەک شتێکی ئەدەبی بخوێندرێتەوە بە هەر حاڵ ئەو دەستوور سەحنانە یارمەتیدەرن.

لە ڕاستیدا ئەگەر بڵێین خاڵێک بە ناوی تەوسیف یەکێک لەو خاڵانەیە کە لە شانۆنامەدا دەسڕدرێتەوە لە چاو چیرۆک. لە چیرۆکدا بەشێکی زۆر لە تەوسیف پێک دێ ، تەوسیفی کەسایەتی، کات، شوێن و هەروەها تەوسیفی بارودۆخ. زۆر جار نووسەر لە ڕێگای تەوسیفەوە گێڕانەوەی خۆی درێژە پێدەدات. تەنانەت زۆر چیرۆکمان هەیە کە لەوانەیە بەشی هەرە زۆری لە تەوسیف پێک هاتبێ بەڵام لە شانۆنامەدا ئێمە ئیتر شتێکمان بە ناوی تەسیف نییە و دەستوور سەحنەیە کە جێنشینی تەوسیف دەبێ. وەک گوتم زۆر جار ڕەوت وایە کە دەستوور سەحنە ڕستەگەلێکی زۆر زۆر کورتن. ئەوەی کە دەبێ لەبەر چاومان بێ لە بواری نووسینەوە حەتمەن دەبێ ئەو دەستوور سەحنانەی کە دەنووسرێ لە دەقی سەرەکی جیا بکرێتەوە. یانی خوێنەر بە ڕوونی و ئاشکرایی بزانێ ئەوە دەستوور سەحنەیە و لەگەڵ دیالۆگ جیاوازە بۆیە زۆر جار شانۆنامەنووسەکان دەستوور سەحنەکان لە نێو کەوانە یا کرووشەیەک دەخەن و زۆر جار بە فۆنتێکی جیاواز لە فۆنتی سەرەکی کە شانۆنامەکەی پێ نووسراوە دەستوور سەحنەکان دەنووسن. بۆ ئەوەی بە ڕوونی دەرکەوێ کە لە کوێدا دەستوور سەحنەیە و لە کوێدا دەقی سەرەکی شانۆنامە و دیالۆگەکانە.



زۆر جار ئێمە لە دەستوور سەحنەدا لە ڕستەگەلێکی هەواڵی زۆر زۆر سادە کەڵک وەردەگرین و ئیتر ئەو زمان و ڕاوێژ و شاعیرانەبوون یا هەر شتێکی دیکە لە دەستوور سەحنەدا کەڵکی لێ وەرناگیرێت. بۆ وێنە دەڵێن هەستا چوو لیوانەکەی هەڵگرت یا دەڵێن دەرگاکەی بە توونـدی پێوە دا، یا دەڵێن شوێن ماڵێکی کوردانەیە لە دێیەک ، یا کات دەمەو ئێوارەیە یا ساڵی ١٣٩٧ـە یا هەر شیکردنەوەیەک پێویست بێ بگوترێ و نەکرێ لە ڕێی دیالۆگەکانەوە باس بکرێ؛ زۆرتر لە نێو دەستوور سەحنەکانەوە دێن،

ڕستەگەلێکی زۆر زۆر سادە کە حاڵەتی هەواڵییان هەیە. زۆرتر لە دەستوور سەحنە لە سەرەتای شانۆنامەی زۆری کەڵک لێ وەردەگیرێ. یانی بەر لەوەی کە شانۆنامە دەست پێ بکات نووسەر تەوسیفێکی گشتی دۆخەکەی دەکات. بۆ وێنە مەکانی شانۆکەی کوێیە؟ کەسایەتییەکان کێن؟ شانۆنامەکە چەند کەسایەتی هەیە؟ یەک شانۆنامەی ستاندارد و ئاسایی ئاوا دەست پێ دەکە. ناوی شانۆنەمەکە، دوایی ناوی کەسایەتییەکان. بۆ نمونە کەسایەتی A, B, C, تەنانەت دەتوانی تێبینییەک لەبارەی کەسایەتییەکان بدا. بۆ نمونە A پیاوێکی بەساڵاچووی تەمەن ٦٢ ساڵەیە. B مێرمنداڵێکی ١٤ ساڵەیە. ئاوا بە ئەو شێوەیە دەتوانێ سەبارەت بە کەسایەتییەکان تێبینییەکی ببێ. لە دۆخی گشتی یا دۆخی کۆمەڵایەتی یا تەمەن یا تەنانەت وەسفگەلێکی دیکە وەک ڕواڵەت یا ئەوەی کە ئەو پیاوە بەساڵاچووە تەمەن ٦٢ ساڵەیە قژی سپییە یا ڕیشێکی ئاوای هەیە یا گۆچانێکی بە دەستەوەیە یا هەر شتێکی دیکە. یا ئەو مێرمنداڵە جلێکی ئاوای لەبەردایە. زۆر جار نووسەر دەتوانێ شیکردنەوەیکی ببێت لەبارەی شوێنەکە. بۆ وێنە کورسییەکە لە نێو پارکێک و لە نێو شارێکی قەرەباڵغ. دەتوانێ تەوسیفێک بێ لە دۆخی کاتی کە بۆ وێنە ئەوە دەمەوئێوارەیە یا هەر شتێکی دیکەی لەم چەشنە کە زۆر جار لە شانۆنامەی قەدیمیتر و کلاسیکتردا ئەو شێوازە لە دەستوورسەحنە زۆر زۆر باوە و زۆریش کەڵکی لێ وەرگیراوە. بۆ نموونە وەختێک وەسفێکی گشتی دەکا ئیتر خەیاڵی خۆی لە بابەت کەسایەتییەکانەوە، لە بابەت کات و شوێن ڕاحەت دەکا و ئەدی ڕووداوەکە بە دیالۆگ دەگێڕێتەوە و کەڵکەڵەی ئەوەی نییە کە بتوانێ ئەو وەسفانەیش لە دڵی دیالۆگەکاندا بێنێت. زۆر جاریش لە ناوەڕاستی شانۆنامەدا لەوانەیە تۆسیفاتەکە زۆر ورد پێویست بن. وەک کاردانەوە یا کارێک. بۆ وێنە هەڵدەستێ شتێک دێنێ یا هەڵدەستێ کارێک دەکا یا ئەوەی کە هەستێکی دەروونی هەیە. بۆ نموونە: دەڵێ بە تووڕەییەوە، بە خۆشحاڵییەوە، بە خەمبارییەوە یا هەر هەستێکی دیکە. دیسان هەر ئاوا لە کەوانەدا پێش ئەوەی کە ڕستەکە بڵێ بۆ نموونە A (aبە تووڕەییەوە): دواتر دیالۆگەکەی. بەم شێوازە نووسەرەکان زۆر جار لە دەستوور سەحنە کەڵک وەردەگرن. یا زۆر جار لە سەرەتای پەردەکان کاتێک پەردەیەک دەگۆرودڕێ بۆ پەردەی دووهەم، سەرەتای پەردەی دووهەم دیسان وەسفێکی دیکەی گشتی لەوانەیە بەکار بێ یا تەنانەت لە گۆڕینی سەحنەکاندا بۆ وێنە کاتێک گۆڕینی دیمەنمان هەیە، دیمەنی یەکەم بۆ دیمەنی دووهەم لەوانەیە بە ئاماژەیەکی خێرا نووسەر بڵێ کە کات

گۆڕاوە یا ئەوەی کە دۆخەکە گۆڕانکارییەکی بەسەردا هاتووە. زۆر جار لەو بارودۆخانە لە شانۆنامەدا لە دەستوور سەحنە کەڵک وەردەگرین و زۆر زۆریش یارمەتیدەری نووسەرە. لە شانۆنامەی مۆدێرندا یانی لە سەدەی بیستەم بۆ ئەولاوە ڕۆژ بەڕۆژ دەوری دەستوور سەحنە کەمتر دەبێتەوە یانی نووسەران کەمتر لە دەستوور سەحنە کەڵک وەردەگرن و زیاتر حەوڵ دەدەن هەموو باری ڕاگوێستنی زانیارییەکان بسپێرن بە دیالۆگ. لە شانۆنامەی کلاسیکدا دەستوور سەحنەی زۆر دەبینین بەڵام هەر چەند دەچینە بەرەو شانۆنامەی مۆدێرن دەوری دەستوور سەحنە کەم دەبێتەوە مەگەر لە دۆخێکی تایبەتدا. بۆ وێنە وەک لە دەرسگوتاری ڕابردوودا باسم کرد زۆر شانۆنامەنووس هەن کە لە سەدەی بیستەمدا شانۆنامەی بێ کەلامیان نووسیوە یانی شانۆگەلێک کە لە دیالۆگ کەڵکی وەرنەگرتووە و یەکسەر بێکەلامە. کە نموونەیەکی زۆر ئاشکرای ئەوانە "سامۆئێل بێکێتە" کە چەندین شانۆنامەی بێکەلامی هەیە یا تەنانەت لە ئێران "غولامحسێنی ساعێدی" کە وەک "گەوهەر مۆراد" ناسراوە کۆمەڵە شانۆنامەیەکی بێکەلامی هەیە. دیارە شانۆنامەی بێکەلام یەکسەر بەدەستوور سەحنە دەنووسرێ و بە جێی دیالۆگ هەمووی وەسفەکانی نووسەرە کە دەور دەگێڕێ. بەڵام دیسان هەر وەسفەکان ڕستەگەلێکی خەبەری سادەن کە باس لە کاردانەوە ڕووداو یا بارودۆخێک دەکا. یا لەوانەیە لە هەندێک شێوازی تایبەتدا دەوری دەستوور سەحنە زیاتر بێ لە دەوری دیالۆگ کە ئەوانەی بارودۆخی جیاواز و تایبەتن. بۆ نموونە ئەو شانۆنامەنووسانەی وەک شانۆنامەی ئەبزۆرد ناسراون کە کەسانێک وەک "بێکێت" "یونێسکۆ" "هارۆڵد پینتێر" ئەوانە لە ڕاستیدا بە هۆی ئەوەی کە شێوازێکی تایبەت بە نووسینیان هەیە ئاخافتن زۆر دەوری تێدا ناگێڕێ. لەم بەرهەمانەدا زمان خاڵێک بۆ پەیوەندی نییە. زمانێکی تێکشکاو لە کارەکانیاندا هەیە. بێدەنگی دەورێکی زۆر لە نێو کارەکانیاندا دەبینێ، بۆ وێنە لە کارەکانی "هارۆڵد پینتێر" کە پڕە لە بێدەنگی و زۆربەی دیالۆگەکان ناتەواو و نیوە تەواو دەمێننەوە، ئەوە پێناسەی شێوازیی کارەکانی هارۆڵد پینتێرە. لەو شێوازە تایبەتانەیشدا دەبینی دەستوور سەحنە دەورێکی گرینگی هەیە بۆ نیشاندانی ئەو بێدەنگیانە. بۆ کاردانەوەگەلێک کە بێدەنگی پێناسەی سەرەکییە و لە دڵی نمایشنامەکەدا پێش



دێت. بەڵام وەک گوتم ئەوانە شێوازگەلێکی جیاواز و تایبەتن و وەک نۆرم و ستانداردی شانۆنامەنووسین نییە.

حەز دەکەم لەو بەشەی باسەکەمان باسێکی گرینگی دیکە کە زۆرێک لە دۆستانمان لە دەرسگوتاری ڕابردوو لە ڕاهێنانەکانیان ئەنجامیان دابوو و گرفتیان لەگەڵی هەبووە. واتە بەشی دابڕانی شانۆنامە (تەقتیعی نمایشنامە) و باسی پەردەکانی شانۆنامە. ئەوەی کە چۆن ئێمە پەردە و دیمەنی شانۆنامەکەمان دابەش بکەین. حەز دەکەم باسێکیش لە سەر ئەوە بێنمە گۆڕێ کە ڕوونکردنەوەیەکی لە سەر بدەین. من ئەوە بڵێم کە باسی پەردەبەندی باسێکی کلاسیکە. لە شانۆنامەی کلاسیکدا بە تایبەت لە سەدەی شانزدە و هەڤدەی زایینیدا زۆر زۆر جەختی لە سەر کراوە کە دەبێ حەتمەن تراژدی لە سێ پەردەدابێ یا لە پێنج پەردەدا بێ. یاسا و بنەماگەلێکی زۆر ویشکیان بۆ ئەو پەردەبەندییە دەستنیشان کردبوو. بۆ نموونە ئەگەر تراژدییەک سێ پەردە نەبوایە دەیانگوت: ئەوە لە جۆری تراژدی نییە و ئا لەم جۆرە شێوانە... بەڵام لە سەدەی بیستەم بەولاوە کە هەموو شتەکان گۆڕانکارییان بە سەردا هات و بنەمای زۆر شت تێکشێکندرا و ئەو یاساوڕێسایانە گەلێک تووشی ئاڵوگۆڕ هات و گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هات.

بەڵام وەک ڕوونکردنەوەیەک کە ئێمە بەڕاستی چۆن بزانین لە پەردە و دیمەنەکەمان کەڵکی لێ وەربگرین؟ ئێمە سێ یاسای گشتیمان هەیە لە شانۆنامەی کلاسیکدا؛ سێ یەکگرتنە کە پێی دەڵێن یەکگرتوویی کات، شوێن و بارودۆخ (وحدت زمان، مکان و موقعیت). لە پەردەی شانۆنامەدا کاتێکی یەکسان لە شوێنێکی یەکسان و یەک بارودۆخ دەگێڕدرێتەوە.


مادام کە ئەو سێ شێوەیە تووشی ئاڵوگۆڕ هاتن یانی کاتی گێڕانەوەکە، شوێن و بارودۆخەکە گۆڕدرا؛ پەردەی شانۆکەمان دەگۆڕدرێ. بە واتایەکی دیکە کاتێک ئەو سێ شتە تووشی ئاڵوگۆڕ هاتن، کات، شوێن و بارودۆخ ئێمە لەگەڵ پەردەیەکی نوێ ڕووبەڕووین؛ یانی کاراکتێرەکانمان دەچنە شوێنێکی دیکە، دەچنە کاتێکی دیکە یا بارودۆخێکی دیکە. یان جاری وایە لانیکەم دوو دانە لەوانە دەگۆڕدرێن. شوێن هەر ئەو شوێنەیە بەڵام کات و بارودۆخەکە گۆڕاوە، یا ئەوەی کە کات هەر ئەو کاتەیە وەلێ شوێن و بارودۆخەکەمان گۆڕدراون. لە ڕاستیدا ئەگەر لەو حاڵەتدا نەبێ بۆ نموونە ئێمە بمانەوێ تەنیا گۆڕانێکی کاتی نیشان بدەین؛ ئێمە ڕووداوەکانمان لە بەیانیدا ڕووی داوە ئێستا دەمانهەوێ ئێوارەی هەمان ڕۆژ نیشانی بدەین، جا دیارە ئێمە لە گەڵ گۆڕانی دیمەنێک ڕووبەڕووین نە لەگەڵ پەردە. یان بۆ نموونە ئەوەی کە

بارودۆخێک دەگۆڕدرێ، یان شوێنەکەمان دەگۆڕدرێ. بۆ نموونە پێشتر لە پارکێکدا بووە ئێستا چووەتە دیوێکەوە لە ماڵێک. لێرەدا و لەو بارودۆخەدا لەگەڵ گۆڕینی دیمەن ڕووبەڕووین.

وەک پرسیارێک! ئەسڵەن فەلسەفەی ئەو پەردە و سەحنەیە لە کوێوە هاتووە؟ لە ڕۆژگارانی قەدیم لە شانۆنامەی کلاسیکدا بۆ ئەوەی ئێمە ئەو گۆڕانە گشتییە نیشان بدەین پێویست بوو کە پەردە ببەسترێت چون شوێنی بەرێوەچوونی شانۆکە لە ڕاستیدا دیمەنی چوارچێوەدار بوون کە پێیان دەڵێن سێنی ئیتالیایی. کە لە سەنێکی بڵیندتر لە ئاستی بینەریان هەیە و بینەر لە خوارەوە چاو لە شانۆکە دەکات؛ بۆئەوەی ئەو گۆڕینە گشتییە نیشان بدەین پەردە دەبەسترا. چارەکێک، بیست خولەک تەنانەت نیو سەعات ئانتراکت دەدرا و پشوو دەدرا، بینەرەکان دەچوونە دەرێ دەچوونە نێو سالۆن پشوویان دەدا شتیان دەخوارد، قسەیان دەکرد، دوای چارەکێک بیست خولەک دەگەڕانەوە نێو هۆڵەکە. کاتێک پەردە دەکرایەوە لەگەڵ شوێنێکی جیاواز ڕووبەڕوو دەبوون یانی یەکسەر دەیاندی کە دێکۆری سەحنە گۆڕاوە، ڕووناکی دەگۆڕا، فەزاکە گۆڕاوە.

زۆربەی شانۆنامە قەدیمییەکان درێژخایەن بوون، بۆ نموونە لە شانۆنامەی شکسپێر کە ئیجرا دەکرا یا ڕاسین یا مولیێر، جاری وابوو نزیک بە سێ سەعات و نیو یا چوار سەعات درێژەی دەکێشا هەر بەو بۆنەوە کە بینەر ماندوو نەبێت، شانۆکان سێ یا پێنج پەردەیی بوون بۆ ئەوەی کە کاتی پێویست بۆ پشوو و ماندوو نەبوونی بینەرەکان و بەردەنگەکان وجوودی هەبێ لە سەدەی بیستەم بەولاوە وەک گوتم زۆری ئەو یاسایانە تێکشکان، دیارە ئەو شتە هۆکاری خۆی هەیە وەک گەشەی تکنۆلۆژی، بۆ نموونە باسی تیشک و ڕووناکی کە بەڕاستی ڕووناکی یارمەتییەکی بەرچاوی بە شانۆ کرد. جاری وایە تۆ دەتوانی بە هەڵکردن و کووژاندەوەی گڵۆپێک تێپەڕ بوونی کات نیشان بدەیت، یان بە گۆڕینی گڵۆپێکی زەرد بۆ گڵۆپێکی شین گۆڕینی شەو و ڕۆژ نیشان بدەیت. یا تاریک کردنی بەشێک و ڕووناک کردنی بەشێکی دیکە دەتوانین گۆڕینی شوێنەکان نیشان بدەین و پێویست بەوە نییە ئەو پەردە ببەسترێ و پچڕانێک بکەوێتە نێو شانۆکە و بینەر بچنە دەرێ و دووبارە بێنەوە ژووری. هەر بەو هۆیەوە هەرچی دێینە پێشەوە لە شانۆنامە مۆدێرنەکاندا ئێمە دەبینین کەمتر لە پەردەگەلێکی زۆر کەڵک وەردەگیرێ. زۆربەی هەرە زۆری شانۆنامەگەلی مۆدێرن تەک پەردەیین؛ بە هۆی خێراییەک کە ژیانی ئێستا هەیەتی لەوانەیە بینەری ئێستا نەتوانێ چوار سەعات لە هۆڵێکی

شانۆیی دانیشێ. شانۆنامەکان ئێستا بەرەو کورت بوونەوە دەڕۆن، بەرەو ئەوە ڕۆیشتووە کە لە یەک سەعات یا سەعات و نیوێکدا شانۆکان ئیجرا دەکرێن. ئیدی بچڕانێکی تێناکەوێ و لە ڕاستیدا یەکسەرە بەڕێوەدەچێت. بە یەک سەعات، یەک سەعات و نیو بینەر دێتە دەرێ و ئەو شتەی کە پێویستە وەری گرتووە. بۆیە زۆر جار دەبینین لە شانۆ مۆدێرنەکاندا شانۆکە کورتترن لە چاو شانۆنامە کلاسیکەکان. زۆربەیان تەک پەردەیین و ئەگەر پێویست بە گۆڕینی دۆخێک، شوێن یا هەر شتێک بێت گۆڕینی دیمەنمان هەیە دەرهێنەرەکان ڕێگاوشوێنێکی بۆ دەبیننەوە و هەر یارمەتی نوور یا ئامێرەکانی سەردەم کە ئەوڕۆ لە بەردەستدایە وەک سێنێک کە دەسووڕێ یا زۆر شتی دیکەی ئاوا کە ئەو گۆڕینە نیشان دەدا.



لە ڕاستیدا ئەگەر بڵێین باری بایەخ دانانی ئەو شتە لە بەرچاو بگرین، کە من زۆریش لە گەڵ ئەو بایەخ دانانە نیم. تەنانەت ئەگەر بمانەوێ بایەخدانانێنکمان بێ لە ڕاستیدا یەک پەردەیی بوونی شانۆ و تەنانەت تاک دیمەنی بوونی شانۆ ئەرزشی زیاترە بە نیسبەت شانۆنامەگەلێک کە چەن پەردەیی و چەند دیمەنین. یانێ ئێمە هەرچی بتوانین ئەو بارودۆخە لە یەک پەردە و یەک دیمەندا ڕاگوازین، من پێم وایە لە شێوەی ئیجراییەوە، یارمەتییەکی زیاتر بە دەرهێنەر و گرووپی ئیجرایی کردووە. بۆ ئەوەی بتوانن ئەو شانۆیە بە باشترین شێوە ئیجرا بکەن. من پێم وایە تا کاتێک کە پێویستییەک نەبێ، یانی بە ڕاستی دەبێ پەردەبەندی و دیمەن دانان لە دڵی پێداویستی ئیجراکەوە بێ، بۆیە دەڵێم باسی بایەخدانانەکە کەمێک هەڵەیە. چون لە ڕاستیدا نمایشی وا هەیە پێویستی بەو شتە هەیە چون ئەگەر جگە لەوە بێ ئەو دۆخە ڕاناگوێزرێتەوە. بەڵام بە ڕای من ئەگەر پێویستی و خوازیارییەک بێ درووستە. دەنا بەڕاستی زۆر پێویست نییە کە ئێمە شانۆکانمان دابەش بکەین و ئەوەندە پەردە و دیمەنی هەبێ؛ بە تایبەت لە شانۆنامە کورتەکاندا. ئێمە کاتێ دەبینین

لە کارگەدا شانۆنامەییەکی چوار لاپەڕەیی یا پێنج لاپەڕەیی نەخێر دە لاپەڕەیی دەنووسین بەڕاستی ئیتر چەن پەردەیی کردنی شانۆییەکی پێنج شەش لاپەڕەیی کە ڕەنگ بێ لە ئیجرادا بیست یا سی خوولەک کات بگرێت؛ لەڕاستیدا لە ستانداردەکانی شانۆ زۆر دوورە و پێویست نییە شانۆیەک کە خۆی بیست خولەکە تۆیش بچڕانی تێبخەی. پەردە ببەسترێ، پەردە بکرێتەوە، بارودۆخ بگوردرێ. بەو جۆرەی گوتم ئەوە تایبەتمەندی شانۆنامەگەلێکی زۆر درێژن، ئەو شانۆنامانەی کە بۆ نموونە لانی کەم سەد تا سەد وچل لاپەڕەن. ئەگەر بمانەوێ نموونەیەک بێنینەوە بۆ دۆستانی چیرۆکنووس کە زیاتر لە گەڵ ئەو شتە ئاشنا بن دەتوانین بڵێین شانۆنامەگەلی چەن پەردەیی وەک ڕۆمان وان و شانۆنامەگەلی تەک پەردەیی وەک چیرۆک و کورتەچیرۆک وان. لە ڕاستیدا ئەگەر کەمێک درێژتر بن وەک نۆوێل وان. جا ئێمە لە ڕۆماندا بەشگەلێکی زۆر جیاوازمان هەیە و دەتوانین پەردەکان بشووبهێنین بە بەشەکان(فەسڵەکان). تۆ لە ڕۆماندا لە هەر بەشێکی نوێدا بارودۆخی کاتی، شوێنی، یا کەسایەتی جیاواز و شتی لەو چەشنە دێتە گۆڕێ. لە پەردەبەندی شانۆییشدا ڕێک وایە. وەلێ تۆ لە چیرۆکێکدا یا کورتەچیرۆکێکدا ئیدی نایەی بەش بەشی بکەیت، یا بێیت چیرۆکێ بنووسی بەشی یەک، بەشی دوو و سێ... خۆیشتان شارەزان ئیدی لە چیرۆک و کورتەچیرۆکدا ئەو کارە ناکەین زۆر زۆرەکەی ئیمکانی ئەوە هەیە کە ئەو چیرۆکە یا کورتەچیرۆکە دەینووسین بە چەن خاڵ یا ئەستێرە لێکی جیادەکەینەوە، یەعنی هەر یەک بەش و یەک بارودۆخە، یەک کاراکتێری سەرەکی و ناوەندی هەیە. لە لە کورتەچیرۆکدا گەر پێویست بێت دەتوانین چیرۆکەکەمان بکەین بە دوو بەشەوە یا سێ بەشەوە کە بە چەند ئەستێرە لە یەکی جیا دەکەینەوە کە ئەویش بە پێی پێویستییە. ئەو کارە کە دەکرێ ئیدی گۆڕانێکی گەورە لە باری کەسایەتی یا لە باری مەوقەعییەت یا لە باری سووژە لە هەموو ئەوانە ئیدی لە چیرۆکدا ڕوو نادات. ئەو جیاکردنەوەی بەشانە لە کورتەچیرۆکدا وەک سەحنە و دیمەن وان و لە نێو شانۆدا، یانی گۆڕینی دیمەنی لە نێو شانۆدا و پەردەبەندی کردن یانێ دانانی پەردەگەلێکی جیاواز وەک بەش بەش کردن و دانانی فەسڵ وایە لە نێو ڕۆماندا کە من پێم وایە ئەو نموونە زۆر ڕوونە بۆ دۆستانی چیرۆکنووس و بۆ کەڵک وەرگرتن لە پەردە و دیمەن لە نێو شانۆنامەکانیاندا.

لە کۆتاییدا زۆر سپاستان دەکەم بۆ کاتێک کە داتاننا و گوێتان ڕاگرت، هیوودارم باسەکان سوودی هەبووبێ



kitty sabatier

## بەشی سێهەم: کردەوەی دراماتیک

سڵاو و ڕێز هاوڕێیانی خۆشەویستی کارگەی چیرۆک، سەرەتا زۆر داوای لێبوردنم هەیە بە هۆی ئەوەی کە دابڕانێکی زۆر کەوتە نێوان خولەکانی فێرکاری شانۆنامەنووسین دا.

ئێمە لە دوو بەشی سەرەتادا باسمان لە سەر دوو خاڵی گرینگ کرد کە چیرۆک لە شانۆنامە جیبا دەکاتەوە. یەکەمیان لە سەر دیالۆگ و دواتریش لەسەر(دستورسەحنە) کە ئەو بەشە دۆستان زەحمەتیان کێشا کۆمەڵێک تەمرین و کاری باش لە سەری نووسرا کە جێی دەستخۆشییە.

ئەوڕۆ دەگەینە سێهەم خاڵی گرینگی جیابوونەوە و دابڕانی چیرۆک لە شانۆنامە کە بە بڕوای خۆم پێم وایە گرینگترین خاڵیشە هەر چەند کەمێک نادیارترە یانێ ئەو دوو خاڵەی پێشووتر بەرچاون، شتێک بووە کە لە فۆڕمی کارەکەدا دەبیندرێ بەڵام ئەم خاڵی سێهەمە کە زۆریش گرینگە شتێکی بەرچاو نییە، نیازی بە ئەزموون و تەجرەبەی نووسین هەیە بۆ ئەوەی کە بزانین چۆن بەو شتە بگەین. ئەو خاڵە شتێک نییە مەگەر (کردەوەی دراماتیک)یا ئەکت و عەمەڵی دراماتیک، یانێ ئەوەی کە چۆن تۆ ئەو عەمەڵەی کە دەیخولقێنی ئەو کارەی کە لە دڵی ئەسەرەکەدا دەخولقێ، کردەوەیەکی دراماتیک بێ نەک کردەوەیەکی چیرۆکی. لەوانەیە زۆر جار لە چیرۆکیشدا ئێمە لە کردەوەی دراماتیک کەڵک وەرگرین کە حەتمەنیش کەڵک وەر دەگرین، بەڵام لە دڕامدا و لە شانۆنامەدا حەتمەن پێویستە کە کردەوەکان، کردەوەی دڕاماتیک بێت نەک کردەوەیەکی ڕەوایی کە هەڵقووڵاو لە چیرۆک یا لە شێوازەکانی دیکەی گێڕانەوە و ڕەوایەت بێ.

کردەوەی دراماتیک چەند جیاوازی بنەڕەتیی لە گەڵ باقی شێوازەکانی کردەوەی چیرۆکی هەیە؛ یەکەم ئەوەی کە کردەوەی دراماتیک زیاتر لە زەمانی حاڵ یا لانیکەم لە زەمانێکی زۆر نزیک لە زەمانی حاڵدا ڕوو دەدات، یانێ ئەگەر ئەو واقعییەتە بە واتایەکی ڕیکۆری" قەبووڵ بکەین کە ڕەوایەت و لە بنەڕەتدا گێڕانەوە بە تەواوەتی سەر بە ڕابردووە، دیارە گێڕانەوەی شانۆنامەیش هەرلە رابردوودا روو دەدا، بەڵام لانیکەم وا نیشان دەدرێ کە ئەو ڕووداوە لە حاڵی حازر و لە بەرچاوی بینەر یا لە بەر دیدی ئەو کەسەی کە دەیخوێنێتەوە خەریکە شتەکە

لە زەمانی حاڵدا ڕوو دەدات. چون تۆ لە چیرۆکدا زۆر جار باس لەوە دەکەیت کە شتەکە ڕووی داوە و وێژیارێک خەریکە بۆ ئێمەی دەگێڕێتەوە، یانی مادام کە وێژیار دێتە گۆڕێ یانی ئەو وێژیارە باس لە شتێک دەکات کە ڕووی داوە و خەریکە بۆ ئێمەی دەگێڕێتەوە، بەڵام چون لە شانۆنامەدا وێژیار لا دەچێ و ڕاوییەکمان نییە، وەک ئەوە وایە یا لانیکەم وا دەنوێندرێ کە شتەکە خەریکە لە حاڵی حازردا ڕوو دەدات.

بەشی هەرە زۆری ڕووداوەکانی شانۆنامە ئەو ڕووداوانەن کە لەو زەمانە حاڵەدا یا لەو زەمانە حاڵە(نوێندراو)ەدا، شایەد ئاوا بڵێین درووستتر بێت، ڕوو دەدات. و بەشێکی کەم دەدرێ بەو ڕووداوانەی کە لە ڕابردوودا ڕوویان داوە، لە کاتێک دا کە ئێمە لە چیرۆک دا دەبینین بەشێکی هەرە زۆری چیرۆک باسی ئەو ڕووداوانە دەکات کە ڕووی داوە و ئێمە ئێستا کاردانەوەکانی دەبینین و لە ڕاستیدا دەبێ بڵێم کە لە شانۆنامەدا شتەکان هەر لەو لەحزەیە ڕوو دەدەن، ئێمکانی هەیە جار و بار لە شوێنێک یا لە دیالۆگی یەکێ لە کەسایەتییەکاندا ئاماژە بکرێ بە ڕووداوەکانی ڕابردوو بەڵام لە چیرۆکدا ئێمە دەبینین تەنانەت زۆر چیرۆک و ڕۆمان، تەنانەت ڕۆمانی بڵیند هەن کە یەکسەر لە سەر ئەوە داندراون کە ئەو ڕووداوانەی کە لە ڕابردوودا قەوماون، ئەو ڕووداوانەی کە کەسایەتی بیریان لێ دەکاتەوە؛ ئێمە دەچینە نێو مێشکی کەسایەتی و بیرەوەرییەکانی ئەو دەبینین، بۆ وێنە ڕۆمانە هەرە بەناوبانگەکەی مارسێل پرۆست"بە شوێن کاتی لە دەست چوودا" کە یەکسەر لە سەر بۆنیادی ئەو بیرەوەریانە داندراوە. بەڵام لە شانۆنامەدا ئێمە زۆر زۆر کەڵک لە بیرەوەری وەرناگرین بە پێچەوانەی چیرۆکەوە، زیاتر ڕووداوەکان ئەو ئەکت و کەدەوانەن کە لەو چرکەدا دەقەومن؛ ئەوە یەکەم خاڵی گرینگی دابڕانە.



دووهەم خاڵی گرینگ بۆ ئەوەی کە ئێمە کردەوەی دراماتیک بخوڵقێنین لە سەر سێن، سەرنجدان بە دوو چەمکە؛ ئەو دوو چەمکەیش چەمکێکە بە نێوی(پرۆتاگونیست) لە گەڵ(ئانتاگۆنیست) پرۆتاگۆنیست: ئەو هێزەیە کە ڕووداوەکان لە شانۆنامەدا یا

بە گشتی لە گێڕانەوەدا دەباتە پێشێ و ئانتاگۆنیست ئەو دژە هێزەیە کە لە بەرامبەر پرۆتاگۆنیستدا ڕادەوەستێ و نایەڵێ ڕووداوەکان برۆنە پێشێ. هەر درامێکدەرئەنجامی ڕووبەڕوو بوونەوەی دراماتیکی ئەو دوو هێزەیە یانێ ڕووبەڕوو بوونەوەی دیالێکتیکی پرۆتاگۆنیست و ئانتاگۆنیستە. ئێمە هەمیشە لە کردەوەی دراماتیکدا، هێزێکی ئانتاگۆنیست و پرۆتاگۆنیستمان هەیە کە لە بەرامبەر یەکدا ڕاوەستاون؛ ئێستا باسەکە لە سەر ئەوەیە کە ئەو هێزانە چین؛ یانێ پرۆتاگۆنیست ئەتوانێ کێ بێ، ئانتاگۆنیست ئەتوانێ کێ بێت، مەرج نییە حەتمەن هەمیشە ئانتاگۆنیست و پرۆتاگۆنیست هێزێکی ئینسانی بن یا یەک کاراکتێر بن یا یەک قارەمان بن بەڵکوبارودۆخگەلی جیاواز وجوودی هەیە کە من لێرەدا حەول دەدەم بۆتان شی بکەمەوە. بە گشتی لە ڕووبەڕوو بوونەوەی هێزی ئانتاگۆنیست و پرۆتاگۆنیست، چوار دۆخی گشتیمان لە نێو کردەوەی دراماتیکدا هەیە. یەکەم: کە کۆنترینیانە ئەوەیە کە پرۆتاگۆنیست یا ئەو کەسەی ڕووداوەکان دەباتە پێشێ و قارەمانی داستانە لە بەرامبەری هێزێکدا قەرار دەگرێت، یانی ئانتاگۆنیست یەک هێزە؛ پرۆتاگۆنیست کەسێکە واتا یەک کاراکتێر یان قارەمانە، لە بەرامبەری یەک هێزدا. بۆیە ئەوەم وەک یەکەم شێواز هێناوە چون لە ڕاستیدا کۆنترینیانە؛ ئەگەر ئێمە مێژووی شانۆنامە بگەڕێنینەوە بۆ یونانی کۆن ، و یەکەم شانۆنامەکان کە لەوێ خولقاون لە لایەن کەسانێ وەک ئێشیل و سۆفۆکلێس و ئوریپیدەوە، دەبینین ئەم شکڵە، ئەم ئۆلگووە زیاتر زاڵە. ئێمە قارەمانێک دەبینین؛ بۆ وێنە ئۆدیپ لە شانۆنامەی ئۆدیپ شای سۆفۆکلێسدا ئەو هێزی پرۆتاگۆنیستە، یانی ئۆدیپ ئەو کەسەیە کە دەیهەوێ ڕووداوەکان بەرێتە پێشێ و لە بەرامبەریدا ئێمە چارەنووس یا تەقدیرمان هەیە؛ وەک هێزی ئانتاگۆنیست کە بەردەوام لە بەرامبەر ئۆدیپدا ڕادەوەستێ و کردەوەی دراماتیکی شانۆنامەی ئۆدیپ؛ دەرئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەی ئۆدیپە لەگەڵ ئەو ئانتاگۆنیستە کە چارەنووس بێ. ئەگەر هەر بە ڕەوتی مێژوویی بێینە پێشێ، دووهەم شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی ئانتاگۆنیست و پرۆتاگۆنیست ئاوایە: پرۆتاگۆنیست هێزێکی ئینسانییە، کەسایەتییەکە، کە ئێمە وەک قارەمانی سەرەکی دیاری دەکەین و ئانتاگۆنیستیش یا ئەو هێزەی کە بەر بە ڕووداوەکان دەگرێ، ئەویش هەر هێزێکی ئینسانییە. بۆ وێنە لە شانۆنامەکانی سەردەمی ئێلیزابێتی و بە تایبەت لە کارەکانی شێکسپیردا، ئەو شێوازە زۆر دەبینین.

شانۆنامەیەکی وەک ئۆتێللۆ لە بەر چاو گرن، ئەگەر ئێمە ئۆتێللۆ وەک هێزی پرۆتاگۆنێست دیاری بکەین، لە بەرامبەریدا یاگۆمان هەیە وەک هێزی ئانتاگۆنیست یان ئەو کەسەی کە ناهێڵێ ڕووداوەکان بەرێتە پێشێ.

بەهەرحاڵ ئەوە دووهەمین ئۆلگووە، یانی ئانتاگۆنێست یەک کەسە و پرۆتاگۆنیستیش هەر یەک کەسایەتییە. رووبەڕوو بوونەوەی ئەمدوانهیان رووبەڕوو بوونەوەی روانگەکانی ئەم دوانە لە ڕاستیدا کردەوەی دڕاماتیک بەدی دێنێ.



سێهەمین شێواز کە زیاتر دەتوانم بڵێم لە نێو شانۆنامەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا بەرچاوترە ئەوەیە کە کەسێک وەک پرۆتاگۆنیست یا قارەمانی سەرەکی لە بەرامبەر کۆمەڵێکدا قەرار دەگرێ، یانی ئانتاگۆنیست، ئەدی یەک کەس نییە؛ بە پێچەوانەی شانۆنامەی ئێلیزابێتی. بەڵکوو ئانتاگۆنیست کۆمەڵگا یان کۆمەڵێک کەسە کە لە بەرامبەر کەسایەتی سەرەکی رادەوەستێ.

ئێوە بۆ وێنە بڕواننە شانۆنامەی دوژمنی گەل یا (دشمن مردم)ی هێنریک ئیبسێن یا بۆ وێنە (دیدار لە گەڵ خانمی بەساڵاچوو)ی دۆرێنمات.

کە ئەوانە نموونەگەلێکی بەرچاون لەو ئۆلگووە کردەوە دڕاماتیکییە، کە یەک کەسە، یەک ئینسانە لە بەرامبەر کۆمەڵگادا، ئەوەش لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین سێهەمین ئۆلگووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاتناگۆنێست و پرۆتاگۆنێست.

چوارەمین ئۆلگوویش، کە زیاتر لە نێو شانۆنامەی مۆدێڕندا زۆرتر خۆی وەدەر دەخا، ئۆلگوویەکە کە ئانتاگۆنێست و پرۆتاگۆنێست لە دەروونی یەک کەسدان؛ یانی ئەو کەسە هەم خۆی پرۆتاگۆنیستە، یانی حەول دەدا هێزەکان بەرێتە پێشێ، ڕووداوەکان بەرێتە پێشێ و هاوکات خۆشی ئانتاگۆنێستە و خۆیەتی کە لە بەرامبەر خۆیدا رادەوەستێ. دڕامگەلی دەروونناسانە زۆرتر ئەو تایبەتمەندییەیان هەیە یان لە شانۆنامەی مۆدێڕندا بۆوێنە لە کارەکانی "یووجین ئۆنیل"دا دەتوانین نموونەی ئەو جۆرە حاڵەتانە ببینینەوە.

بەهەرحاڵ ئەو چوار دۆخ یان شێوازەیە کە کردەوەی دراماتیک دەخولقێنی. من ئەگەر بمەوێ بە کورتی جارێکی دیکە بیانڵێمەوە:

١- پڕۆتاگۆنیست یا هێزی پێشبەرەندە، مرۆڤە. ئانتاگۆنیست یا هێزی بازدارندە، یەک هێزە، هێزێککهسەرتر لەوە.

٢- پڕۆتاگۆنیست مرۆڤە و ئانتاگۆنیستیش یەک مرۆڤ یان کەسایەتییهکه لە بەرامبەری یەک رادەوەستن.


٣- پڕۆتاگۆنیست یا قارەمانی سەرەکی، مرۆڤێکە کە لە بەرامبەر کۆمەڵگا یا کۆمەڵێک کەس رادەوەستێ وەک ئانتاگۆنیست

٤- پڕۆتاگۆنیست و ئانتاگۆنیست لە ڕاستیدا هەر دووکیان هەر لە دەروونی یەک کەسدان و خۆیەتی کە هەم هێزی پێشبەرەندەیە و هەم هێزی بازدارندەیە. بەهەرحاڵ، بۆ ئەوەی کە کردەوەی دڕاماتیک روو بدا، یەکێک لەو چوار دۆخە دەبینین؛ یانی دڕام و لە بنەڕەتدا کردەوەی دڕاماتیک بە بێ رووبەڕوو بوونەوە غەیرە مومکێنە، یانی حەتمەن دەبێ رووبەڕوو بوونەوەیەک هەبێ بۆ ئەوەی کە کردەوەی دڕاماتیک بخولقێ جا ئەوە لە چیرۆکیش دا دەکرێ ببێ و دەشکرێ نەبێ. ئێمە زۆر چیرۆکی مۆدێرنمان هەیە کە لەوانەیە هەڵگری هیچ رووبەڕووبوونەوەیک نەبێ، تەنیا گێڕانەوەیەک بێ، تەنیا تەوسیفی ڕووداوێک بێ، مەوقەعییەتێک بێ، بیرەوەرییەک بێ، بەڵام لە دڕامدا لە شانۆنامەدا چوون شتەکە زیندووە، چوون شتەکە لە لەحزەدایە، چوون شتەکە بە بەر چاوی بینەرەوە لە واقعدا دەخولقێ؛ پێویستی بەوەیە کە یەکێک لەو چوار دۆخە ئێمە ببینین.

درووستە من دابەش کردنێکی زەمانیم بۆ ئەو چوار دۆخە هێنا گۆڕێ، بەڵام لەڕاستیدا واش نییە و رێک بە پێی زەمان نییە دەکرێ لە شانۆنامەیەکی هاوچەرخیشدا هەر کام لەم چوار شێوازە ببینی، یانی هەرگیز ئەوە بەو مانایە نییە کە بڵێی چون لە شانۆنامەی یوونانیدا ئەو نەوعەمان بووە، ناکرێ ئەلان کەڵکی لێ وەرنەگرین ، نا. بە دڵنیاییەوە لە هەر کام لەو چوار دۆخە یانی لە دڕامی ئەوڕۆیی‌دا کەڵکی لێ وەردەگیرێ. بە ئاسانی دەکرێ ئەو ئۆلگووانە لە شانۆنامەی جۆراوجۆردا بدۆزییەوە و بزانی کە بەردەوام خەریکە شانۆنامەنووسەکان لە یەکێک لەو چوار دۆخە، لە یەکێک لەو چوار ئۆلگووە بۆ بەدیهێنانی کردەوەی دڕاماتیک کەڵک وەردەگرن.

من هیوادارم کە دۆستان بتوانن بە کەڵک وەرگرتن لەو باسانەی پێشوو یانی دیالۆگ و دەستوور سەحنە و هەروەها ئەو باسە تازەی ئەوڕۆ کە کردەوەی دڕاماتیکە بتوانن شانۆنامەی باش و بەهێز بخولقێنن.

زۆر زۆر سپاس، هیوادارم کە سوودی بووبێ باسەکان.



kitty Sabatier

# بەشی چوارەم: پرسیار و وەڵام

سڵاو و ڕێز هاوڕێیانی خۆشەویستی کارگەی چیرۆک. سەرەتا دەستخۆشی دەکەم کە ئەو هەل و دەرفەتەتان ڕێک خست بۆوەی کە ئێمە لە چەند دانیشتنێک دا باسی شانۆنامە بکەین و زۆر خۆشحاڵم کە وا بۆ بە هۆی ئەوەی کە لە کارگەدا کۆمەڵێک شانۆنامەی باش و بەهێز بخولقێ. دەستی هەموو لایەک خۆش بێ.

دیارە بڕیار بوو من وەڵام ی هەندێک پرسیار کە دۆستان پرسیبوویان لە چوارچێوەی فایلێکدا بدەمە خدمەتتان و ئەلان دێینە سەر پرسیار و وەڵامەکان. سەرەتا لە پرسیارەکانی کاک ناسرەوە دەست پێ دەکەم.

**پرسیویانە ئایا کلیشەیەکی سابت یا تایبەت بۆ شانۆنامە هەیە؟**

لەڕاستیدا کاک ناسر شانۆنامەش وەک چیرۆک دیارە حەتمەن چوارچێوەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە وەک ئەوەی بڵێین ئەوە چیرۆکە و ئەوە چیرۆک نییە بەڵام لە هەمان کاتدا بە ڕاستی هیچ بەربەستێکی نییە کە ئێمە بڵێین ناتوانین ئاڵوگۆڕی تێدا بکەین، ناتوانین نوێگەری تێدا بکەین، ناتوانین تازەکاری تێدا بکەین هەر بۆیە ناکرێ بڵێین وەک کلیشەیەکی سابت زۆر شانۆنامەنووس هاتوون بە تایبەت لە سەدەی بیستەم بەولاوە حەولیان داوە ئەو چوارچێوە و کلیشانە بشکێنن و چوارچێوەی نوێ بێننە گۆڕێ، شێوازی نوێی نووسین بێننە گۆڕێ. ئەوە دیارە دوای ناسین و ئەزموونی زۆری شانۆنامە بەدەست دێت کە ئێمە چۆن بتوانین ئەو چوارچێوە باوانە بشکێنین و بێین چوارچێوەی نوێ دابین بکەین بەڵام حەتمەن یاسا و ڕێسایەکی کلاسیک هەیە وەک چیرۆک نووسی بەڵام مەرج نییە حەتمەن هەمیشە ئەو یاسا و ڕێسایە شتێکی چەقبەستوو بێ و نەکرێ گۆڕانکاری لەسەر بکرێت.

**پرسیویانە کە پێویست دەکات لە سەرەتاوە دیاریی بکەین چەن خولەکە؟ چەند کارەکتەر پێویستە؟ تەمەنیان؟ ڕەگەزیان؟ ڕواڵەتیان؟**

**یان هەموو ئەوانە ئەگە لەنێو ناوەڕۆکی شانۆکەدا هات، ئیدی نووسەر ناچار نییە دیسان بە جیا بیانووسێتەوە؟**

هیچ بەربەستێک بۆ ئەو شتە نییە، زۆر نووسەر لەوانەیە بینووسن یانی حەز بکەن بەوەی کە هەموو وردەکارییەکان لەنێو کارەکەیاندا بێننەوە بە دەقیقی. زۆر نووسەریش هەن نا، ئەو شتە دەسپێرن بە ئیجرا، بە دەست گرووهی ئیجراییی، و بە بیر و هزری بەردەنگ. بە ژانر، بە شێوەکان، بە مەکتەبەکان، بە شێوازەکان جیاوازی هەیە. لەوانەیە نووسەرێک بە ئانقەست بیهەوێ کەسایەتییەکانی زۆر نائاشکرا وەدەر بخا، لەوانە نووسەرێکی دیکە بیهەوێ زۆر بە وردەکارییەوە دەریان بخ بە دڵنیایەوە ئەگەر لەنێو شانۆنامەکەدا ئاماژە بەوشتانە بکرێ بەڕاستی زۆر زۆر پێویست ناکا حەتمەن بەجیا بنووسرێ. کەوابوو، هیچ بەربەستێک ب بۆ ئەو شتە نییە.

**دواتر پرسیویانە ئایا نووسەر ناچارە ئاماژە بە دیکۆڕ و وردەکاری گریم و... بکا لە شانۆکەیدا؟**

بە هیچ شێوەیەک ناچار نییە. ئەوەش دیسان هەر بە ئیختیاری نووسەر خۆیەتی. ئەوەی کە ئێمە بۆ وێنە باسی دێکۆر دەکەین زیاتر باس لەسەر فەزاسازییە، یانی تۆ لە شانۆنامەدا زیاتر لەگەڵ فەزا سەروکارت هەیە. تۆ دەتوانی بڵێی ئەو فەزایەی من ماڵێکە، دەتوانی بڵێی ئەو فەزایەی من جەنگەڵێکە، دەتوانی بڵێی ئەو فەزایەی من شەقامێکە یان شەقامێکە کە چواردانە دووکانی تێدایە. مەرج نییە ئیدی دێکۆرەکەش دیاری بکەی. تەنانەت لە شانۆنامەی مۆدێرندا زۆر زیاتر دەستی گرووهی ئیجرایی کراوەتر دەهێڵییەوە کە دەرهێنەر و تەڕاحی سەحنە و یا تەڕاحی گریم و یا هەرکام لەو تەڕاحانە ئەوانە خۆیان بێن ئەو شتانە دابین بکەن. نووسەر تەنیا بە ئاماژەیەک لەسەر ئەو شتە تێدەپەڕێ و ئیدی زۆر زۆر خۆی بەم وردەکارییانە نابەستێتەوە. ئەوە یەکێک لەو تێبینی یانە بوو کە من لە سەر شانۆنامەی هاوڕێیان بووم. زۆر پێداگریان لەسەر هەموو وردەکارییەکان دەکرد کە دیارە ئەوەش دەگەڕێتە سەر ئەوەی دۆستانی کارگە چیرۆکنووسن. لە چیرۆکدا حەتمەن دەبێ ئێمە تەواوی ئەو وردەکاریانە بە وردی بێنینەوە. بەڵام بەڕاستی لە شانۆنامەدا ئەو پێداویستییە نییە چون بەشێکی زۆری ئەو شتانە دەکەونە چوارچێوەی ئیجراوە. کاری گرووهی ئیجراییە کە لە راستی دا ئەو کارانە بکا.

**دواتر پرسیویانە ئایا ئەم شانۆیانە چ شتێکیان لە قەوارەی باوی شانۆنامەکان کەمە؟**

زۆربەی شانۆنامەی کە دۆستان لەو چەند جەلەسەیەدا نووسیان سەرەتا با ئەوە بڵێم شانۆنامەی زۆر باشی تێدا بوو بە ڕاستی زۆر زۆر جێی دڵخۆشی بوون ئەو شانۆنامانەی کە من دیمن و خوێندمنەوە وەک ئاستی کەیفی، وەک باری کەمییەت یانی وەک باری قەوارە و ئەو شتەی کە قەوارەی باوە، بەڕاستی کاک ناسر ئێمە شانۆنامەی زۆر زۆر بڵێندمان هەیە کە تەنانەت لەوانەیە دووسەد سێسەد لاپەڕە بێ و ئیجراکەی نزیک بە

چەندین سەعات بخایەنێ. شانۆنامەی زۆر زۆر کورتی چەند دەقەییشمان هەیە کە لە دنیادا نووسەرانی زۆر گەورە نووسیویانە، بۆیە بەڕاستی ناکرێ باس لە قەوارەیەکی باو بکەین. ئێستا نۆرم وایە کە شانۆگەرییەکان لە کاتێکی بەینی ٤٥ تا ٩٠ خولەک پێشکەش دەکرێن.لە شانۆنامەی مۆدێرن هەڵبەت لە سەدەی بیستەم بەو لاوە زیاتر کاتی شانۆگەرییەکان ئەوەندە بوون بۆوەی کە شانۆنامەیەک بەینی ٤٥ تا ٩٠ دەقە بێ شانۆنامەیەکی لەوانەیە سی چل تا پەنجا لاپەڕەیی تەقریبەن نۆرمێکی نزیکتر بێ بە ئەو ئیدەئالەی ئێستا کاری پێ دەکرێ لە دنیادا. بەڵام دیسان بەربەستێک نییە یانی ئێمە هەمانە شانۆنامەی زۆر کورتیش کە لەوانەیە لە ئیجرادا زۆر زۆر بڵیندتر کرێتەوە. کە شانۆنامەی دۆستانم دەخوێندەوە زۆربەیان ئەگەر بچنە بەستێنی ئیجراوە، شایەد ئیجراکان بەینی بیست تا سی خولەک دەرچێ، هەڵبەت ئەمە بە گرووپی نواندن و دەرهێنەر کەوتووە، بەڵام دیسان هیچ گرفت و کێشەیەک لە باری قەوارەوە نییە.

**وەک پرسیاری کۆتایی کاک ناسریش پرسیبوویان کە ئایا ئەم شانۆیانە شیاوی بەشداری لە فێستیڤالی شانۆیان هەیە؟ هەر بەو جۆرە یا پێویستە چ گۆڕانکارییەکی ئەساسییان تێدا بکرێ؟**

بە دڵنیاییەوە شیاوی ئەوە هەن وەک کوتم شانۆنامەی زۆر زۆر باشی تێدا بوو. ئەگەر بڕیارە گۆڕانکارییەک بکرێ کەمێک پێم وایە لەسەر ئەو شانۆنامانەی کە بە تایبەت دیالۆگیان تێدایە دەبێ لەسەر دیالۆگ زیاتر پێداگری بکەین و لە دەستوور سەحنە کەم کەینەوە. لە راستی دا نۆرمێکی ئیستاندارد کە هەیە نەوەد تا نەوەد و پێنج لە سەدی شانۆنامە دیالۆگە و لەوانەیە بەینی پێنج تا دە لە سەدی شانۆنامە دەستوور سەحنە بێ، مەگین لە بارودۆخێکی تایبەت دا. ئەورۆ بە گشتی ئیدی شانۆنامە بەرەو ئەوە دەچێ کە دەستوور سەحنە کەمتر و کەمتر کرێتەوە و بەشی دیالۆگ زیاتر و زیاتر بکرێ لەنێو شانۆنامەکاندا. بۆیە پێم وایە ئەگەر بڕیارە گۆڕانکارییەکیش بێ لەو بوارەدایە دەنا بە گشتی پێم وایە شانۆنامەی زۆر باش و سەرکەوتووی تێدا بوو.

دەی جا ئەلان کە وەڵامی پرسیارەکانی کاک ناسرمان داوە پرسیارەکانی دیکە ئەوانەی بەڕێز کاک ڕامان باسی کردبوون دەچینە سەر ئەو پرسیارانە:

**کاک ڕامان پرسیبوویان تا ئێستا باسەکان لەسەر پێویستی و هەندێ تایبەتمەندی شانۆنامە بوو. ئاخۆ شتگەلی نەرێنی یا بڤەی ناو شانۆنامەش هەن؟ یا بڵێین بەر بەست لە بەر هۆکاری تکنیکی، ئەخلاقی و.... یان یاساکانی تایبەت بە ناو خۆ؛ کە نووسراوێک کێشەی واشی نەبێ بەڵام ڕێی پێ نەدرێت؟**

کاک ڕامانی بەڕێز، لە هونەردا ئێمە هیچ شتێکی نەرێنی و بقەمان بەڕاستی نییە. ئەوە ئێعتقاد و باوەڕی منە. بەڵام دیارە چون شانۆنامە ئیجرا دەکرێ، بە شکڵی ئیجرایی دێتە سەر سەحنە بە پێی ئەو بارودۆخە و ئەو شوێنە و ئەو وڵاتەی تێیدا ئیجرا دەکرێ لەوانەیە تۆ کۆمەڵێک بەربەست لە هەر وڵاتێک هەبێ. تەنانەت لە وڵاتانی ئۆورووپایی و پێشکەوتووشدا مەسەلەن زۆر زۆر باو نییە کە تۆ مەسەلەن پۆڕن و عەمەلی سێکس بێنی نێو شانۆوە. بەڵام هەندێ شانۆکاریش کردوویانە یانی ئەو شتە لە مێژووی شانۆشدا هەیە کە کەسانێک ئەو کارەیان کردووە. وەک کارێکی ئاوانگارد و نوێگرایانە وەک شکاندنی چوارچێوە و یاساو ڕێساکان؛ بەڵام بە گشتی باو نییە ئەو جۆرە شتانە بە شکڵی زیندوو لە سەر سەحنە نیشان نادرێن یان لەوانەیە(خشونت)ی لە ڕادەبەدەر یان ئەوشتەی کە پێی دەڵێن (dirty realism)ڕیالیسمی پیس کە زیاتر باس لە شتە پیس و قێزەونەکان دەکات؛ لەوانەیە ئەو شتانە زۆر زۆر باو نەبێ نیشاندانیان لە شانۆنامەدا بەڵام وایش نییە کە بڵێین بەربەست بۆ ئەوانە هەیە لە وڵاتانی دیکەی دنیا، بەربەست نییە بەڵام وەک عۆرفێکی کۆمەڵایەتی، وەک عۆرفێکی ئەخلاقی لەوانەیە ئەو جۆرە شتانە لە شانۆ نیشان نەدرێ چون بە شکڵی زیندووە، بینەر بە شکڵی زیندوو دەیانبینێ؛ لە سەدەکانی پێشوودا یانێ لە مێژووی شانۆدا ئێمە بوومانە یانێ لە شانۆنامە کلاسیکە کۆنەکاندا تەنانەت عەمەڵی کوشتنیشیان لە سەر سەحنە نیشان نەدەدا و باسیان لە کوشتنی مەسەلەن کاراکترەکان دەکرد تا ئەوەی کە خودی مردنەکە نیشان بدەن؛ بەڵام هەرچی دێینە پێشەوە و بەرەو شانۆنامەی مۆدێرن دێین ئەو بەربەست و شتانە کەم و کەمتر دەبنەوە. جاری وایە بەربەستی تکنیکیش هەیە کە بۆ وێنە ئەوەی کە تۆ، زۆر جار لەوانەیە کۆمەڵێ شتی زۆر زۆر زێهنی و سەڵت بنووسی کە بە ڕاستی نیشان دانەکەیان ئەگەر نەڵێم نەکرێ لەوانەیە زۆر ئەستەم بێت کە گرووهێکی شانۆیی بتوانن ئەو شتە بە شێوەی زیندووئیجرا کەن زۆر جار هەیە تۆ دەبینی لە ئەنیمەیشنێکدا، لە فیلمی کارتۆنی یا لە سینەمادا بە هۆی ئەوەی کە ئیمکانی یەک سری(جلوەهای ویژە) و تکنیکی تایبەت وجوودی هەیە، لەوانەیە زۆر شت پێیان ڕاحەتتر نیشان بدرێت، بەڵام لە شانۆدا دیارە ئەو شتە زۆر دژوارتر دەبێتەوە و دەتوانێ ئەوەیش هەر هۆکارێکی دیکە بێت. بەڵام دیسان دەڵێم وەک یاسا نە وەک ئەو شتەی کە ئەگەر شانۆنامەنووسەکان خۆیان حەزی لێبکەن ئەو کارە دەکەن ئەگەریش نا هیچ گرفت و بەربەست و کێشەیەک نییە.

**کاک هێمنیش وتوویە دوو پرسیارم هەیە؛ لە برێک لە شانۆنامەکان کە هەیە و خوێندوومەتەوە -بەتایبەتی ڕووناکی وەک خاڵێکی لەبەرچاو و دەنگ ئەڵێم- ئاماژە بەوە دەکرێت کە ڕووناکی نامێنێ یا کەم دەبێتەوە شتی پەیوەندیدار بە دیمەنەکەمان. لە زۆر**

**شانۆنامەیش ئەسڵەن ئاماژە بەوانە ناکرێ و ڕەوتی دەقی شانۆنامەکەیش بێ کێشە دەڕواتە پیش؛ ئەگەر وەک دەقێکی چیرۆکی بۆ نموونە بیهێنمەوە.**


**وا باشترە ئاماژە بەوانە بکرێت و کاری دەرهێنەر و یاریدەدەرەکەیان ئاسانتر بکرێ یان نا نەیشوترێ کێشەیەک نییە؟**

کاک هێمن گیان وەک لە وەڵامی کاک ناسریشدا کوتم، ئەوە بە تەواوی دەگەڕێتەوە سەر شانۆنامە نووس؛ یانی ئەگەر تۆ هەست بکەی هاتنی ئەو ڕووناکییە یا ئاماژەکردن بەوەی کە ئەو ڕووناکییە دەڕوات یا ئەو دەنگە دێت و کۆمەکێک بە ڕەوتی دراماتیکی کارەکەت دەکات دەی جا دیارە دەیهێنیەوە ئەگەر نا هەست بکەی بێ ئەوەیش ئەو ڕەوتە دراماتیکە هەر دەڕواتە پێشێ بە شێوەیەکی درووست، ئەوشتە ناهێنی و پێم وایە  لە هەردوو حاڵەتەکەدا چ بە هێنانەوەی ئەو شتە چ بە نەهێنانەوەی ئەو شتە نووسەر و شانۆنامەنووس ئێختیاری تەواوی هەیە کە هەرکام لەوانە هەڵبژێرێ و پێم وانییە هیچ بەربەستێک بۆی هەبێ تەنیا ئەوەمان لە بەرچاو بێت، زۆر بوونی زیاد لە حەددی ئەو (دستور)انە، هەم خوێنەر وەڕەز دەکات هەم ئەوەی کە بۆ گرووهی ئیجرڕاییش بە ڕاستی شتێک تێدا ناهێڵێتەوە، هەرچەن ئەوڕۆ لە شانۆی مۆدێرندا ئیدی بە ڕاستیش گرووهی ئیجرڕاییش ئەوەندە پابەندی شانۆنامە نین کە حەتمەن بڵێن ئێمە دەبێ دەقاودەق هەرچی لە شانۆنامەکەدا هەیە دەبێ بیهێنینەوە، لەوانەیە تۆ لە شانۆنامەکەدا ڕووناکییەکەت جۆرێک نووسیبێت دەرهێنەر لە کاتی نواندن و ئیجراکردنیدا جۆرێکی دیکەی نیشان بدات، بەڵام بە بڕوای من ئەگەر بتوانین باڵانسێک ڕابگرین لەو بەینەدا کە وایش نەبێ خوێنەریش و گرووهی ئیجرڕایش وەڕەز بکا، جگە لەوە ئیدی ئێختیارەکەی بە تەواوی بە دەس نووسەرە بەڵام من هەمیشە باوەڕم بە یەک شت هەیە ئەوییش پێداویستییە دەبێ بزانین پێداویستی ئەو شتە لەو کاتەدا چییە، ئەگەر پێداویستیی هەیە بیهێنین ئەگەر بە ڕاستی  نییە، پێم وایە وا باشترە لێی گەڕێین و بیهێڵینەوە بۆ گرووهی ئیجرڕایی.

**دواتریش پرسیویانە زۆرجار کەسایەتییەکەمان بێدەنگ دەبێ و وەڵام ناداتەوە یا ئاکارەکانی بەشێوەیەکە کە دەبێ حەتمەن بینووسین، دەبێ لەبەردەم ناوی کەسایەتییەکە ئاماژە بەحاڵەتەکانی بکەین یا کێشەیەک نییە لە دێڕێکی خوارەوەی بنووسرێت؟**

بەڵێ زۆر جار پێش دێت کەسایەتییەک بێدەنگە؛ بۆ ئاکارەکانی ئەگەر پێویست بێ بینووسن یانی هەست بکەن لە ڕەوتی دڕاماتیکی کارەکە دەوری هەیە، ئەو کردەوی ئەو، ئەو ئاکارەی ئەو دیارە بە دڵنیاییەوە دەبێ بنووسرێ؛ نە دوای نێوی کەسایەتییەکە پێویست

نییە، هەر بە گشتی دەتوانن بیخەنە نێو کەوانەوە و بۆ وێنە بڵێین (کەسایەتی A ئاوا دەکا) نەک ئەوەی کە بنووسن A دوایی کەوانە بکەنەوە و شتەکانی بنووسن؛ نە هەر بە گشتی وەک یەک دانە دەستوور سەحنە هەمووی دەچێتە نێو کەوانەکەوە و لە خەتێکی جودایشدا دەنووسرێ پێم وابێ تا ئەو جێیەی بزانم وەڵامی هەموو پرسیارەکانم داوەتەوە؛ بەهەرحاڵ هیوادارم کە ئەو چەند جەلەسەیەی کە بوومان و ئەو پرسیار و ڕاگۆڕینەوەی ئەوڕۆیش سوود و کەڵکی بۆ هەموو هاوڕێیان بووبێ و دیسانەوە دەسخۆشی لە هەموو لایەک دەکەم هیوادارم زیاتر و زیاتر ئەو ژانرە وەک شانۆنامە لە ئەدەبیاتی کوردیا لە بەرچاو بگیرێ، کاری لە سەر بکرێ چون بە ڕاستی پێویستمان پێیەتی، بەڕاستی کەمی کار بۆ کراوە کەمی کار لە سەر کراوە و هیوادارم هەر ئەو کارەی ئێمەیش کردمان لە واقێعدا دەسپێکێکی زۆر زۆر باش بێ بۆ هاوڕێیان کە ئیتر لەمەو بەدوا شانۆنامەی باشیان لێ ببینین و لێ بخوێنینەوە؛ بە دڵنیاییش ئێوە شانۆنامەکانتان دابنێن، زۆر گرووهی ئیجرایی هەن کە لەساڵدا داوای شانۆنامەی کوردی لە من دەکەن، بۆ فستیڤاڵەکان، بۆ فستیڤاڵی شانۆی کوردی، بۆ ئیجرای عوومی و دڵنیا بن ئەو دەم ئیجازە لە خۆتان وەردەگرم و شانۆنامەکانتانیان پێ دەناسێنم، کە ئیجرای بکەن؛ جا ئەگەر خۆتان لە ئیجرادا کارەکانتان ببینن ئەو دەم ئەزانن چ هەستێکی تایبەتی هەیە وەختێ کە تۆ ئەو شتەی لە بیر و مێشکی تۆدا خولقاوە، شکڵی عەینی پەیدا دەکا و دەبێ بە شتێکی عەینی. دەستی هەموو لایەک خۆش بێ بژین، ماندوو نەبن سەرکەوتوو بن.



**تێبینی:** ئەم دەرسگوتارانە کە لە سێ بەش لەژێر ناوی "جیاوازییەکانی چیرۆک و شانۆنامە" و بەشێک لەژێر ناوی "پرسیار و وەڵام" پێکهاتبوون و، لەم ژمارەیەدا خوێندتاننەوە. لە "کارگەی چیرۆکی بێسنوو"دا بە "دەنگ" وەکوو وانە لەلایەن لەلایەن بەڕێز "ڕەحیم عەبدولڕەحیم زادە"وە پێشکەش کراوە و دواتر لە لایەن بەڕێزان "کوردستان حاجبی، شەرمین سالْحی، هیوا شاهیان" دابەزێندراوە و تایپ کراوە؛ دیارە لەلایەن وانەبێژە بەڕێزەکەیەوە دەسکارییەکی زۆری ـ جگە لە هێندێ وشە تێدا نەکراوە ـ بۆ ئەوەی شێوازی زارەکی و دەرسگوتار بوونەکەی تێک نەچێ.

هۆکاری تایبەت کردنی ئەم ژمارەی چیرۆکەڵە بۆ ئەم دەرسگوتارانە، دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیی ناوەرۆکی وانەکان و پشتیوانی ئێمە لە هەوڵی بەنرخی "یەکەمین فستیواڵی شانۆنامەنووسی کوردی".

بەوهیوایەی ئەم ژمارەیە نووسەران و خوێنەرانی بەڕێزمان هان بدات کە لە دەوڵەمەندکردنی فستیواڵی ئاماژەپێکراودا بەشدار بن.

